# کاریزما وەک بزوێنەری مێژوو
## (توێژینەوەیەکی تیۆرییە لە فەلسەفەی مێژوو)

**د.جەعفەر عەلی رەسول**

### پێشەکی

زۆر فاکتەر هەن مێژوو دەجولێنن، گۆڕان لە ژیانی سیاسی وکۆمەڵایەتی وئابووریدا دروست دەکەن ورووداو بەرهەم دێنن. بۆچوون ولێکدانەوەکانیش لەبارەی کاریگەری وقورسایی فاکتەرێکیان بەسەر ئەویدی وهەروەها کاریگەری یەک فاکتەری دیاریکراویش لە جوڵاندنی مێژوودا چوونیەک وتەبا نین.

کاریزما، کە ئێمە مرۆڤی مەزن، قارەمان، پاڵەوان، هەموو ئەم ناوانەمان بۆ هەمان مەبەست بەکارهێناوە، وەک گەمەکەرێکی سەرەکی نێو مێژوو، وەک هێزی دروستکەری رووداو وئاراستەدان بە مێژوو، لە مێژووی دێرینەوە تا بە ئێستا دەگات، لە بەردەم روانین وهەڵسەنگاندن و بۆچوونی جیاوازی مێژوونووس و نوسەر و بیرمەنداندایە. ژمارەیەک لە نوسەران لە رووی کاریگەری وتەقدیسکردنەوە تا ئاستی بەخوداکردن بڵندی دەکەن، ژمارەیەکی دیکەیشیان، بوون وکاریگەری ئەو لە لەباری بوونی ئەم سەرزەمینە کۆمەڵایەتی و ئابووری وسیاسی وفەرهەنگییە جیاناکەنەوە، کە دەرفەت لەبەردەم کەسی کاریزماییدا دەڕەخسێنێ تا ببێتە گەمەکەری سەرەکی نێو رووداو و مێژوو.

کەسی کاریزمایی دەشێت بونیادنەر یان وێرانکەر بێت، دەشێت لە یەککاتدا هەم مرۆڤێکی قارەمان و هەم مرۆڤێکی نەخۆش بێت. وەکچۆن کاریزمایەکمان هەیە دروستکەر و بونیادنەر، بە هەمانشێوە جۆرێکی دی لە کاریزما هەیە نەخۆش و وێرانکەر.

ئەم بابەتە توێژینەوەیەکی تیۆرییە لە فەلسەفەی مێژوو، کە زیاتر دەچێتە خانەی لێکدانەوەی دەروونناسیانە بۆ کاریزماو کاریگەری بەسەر جوڵەی مێژووەوە. توێژینەوەکە دابەشی سەر دوو باس کراوە، باسی یەکەم، سەرەتایەکی مێژوویی و تیۆرییە لەبارەی کاریزماو کاریگەری لەنێو مێژوودا، کە هەوڵدراوە لەڕێی بوچوونی مێژوونووس وفەیلەسوفانی رۆژگارەکە بابەتەکە دەوڵەمەند بکرێ. باسی دووەمیش دابەشی سەر دوو تەوەرە کراوە، تەوەرەی یەکەم، تەرخانکراوە بۆ بۆچوون ولێکدانەوەی زانای دەروونناسی هنری برگسۆن سەبارەت بە رۆڵی کاریزما لە نێو مێژوودا، تەوەرەی دووەمیش، تایبەتکراوە بە ژمارەیەک دید و قوتابخانەی دەروونناسی جیاواز و بۆچوونیان سەبارەت بە بابەتەکە خراوەتە روو. لە کۆتاییشدا کورتەی توێژینەوەکەو لیستی سەرچاوەکان خراونەتە روو.

## باسی یەکەم

## لەبارەی کاریزما، سەرەتایەکی مێژوویی - تیۆری

سەرنج و لێکدانەوەکان لە مەڕ ڕۆڵی تاک وەک کاریزما لە جوڵەو دروستکردنی ڕووداوی مێژووییدا لە یەکدی جیاوازن. قارەمان و کاری قارەمانانە بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی بە قۆناغی جیاوازدا گوزەری کردووەو لە هەر قۆناغێکیشدا فۆرم و مانای تایبەت بەخۆی پێدراوە.

کاریگەری تاکی قارەمان و ڕۆڵی لە نێو جوڵەی مێژوودا بابەتێکی کۆنەو ریشەی دەگەڕێتەوە بۆ نێو ڕۆژگارە دێرینەکانی مێژوو. ئاراستەی تاکی پاڵەوان لە لێکدانەوەی مێژوودا یەکێک لە کۆنترین لێکدانەوەکانی ڕووداوی مێژووییە، کە مرۆڤایەتی ناسیبێتی، بە مانای ئەوەی، ئەوە کار و کردەوەی مرۆڤە مەزنەکانە بۆتە هۆی دروستکردنی ڕووداو و گۆڕان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا [(١)] .

بەپێی توێژینەوە مێژووییەکان، شوێنی سەرهەڵدانی بەخوداکردنی فەرمانڕەواکان، دەسەڵاتداران، ڕۆژهەڵات بووە. لە هەر یەک لە میسری فیرعەونی و وڵاتی فارس و وڵاتی نێوان دوو ڕووبار، بەجۆرێک سەیری فەرمانڕەواکان دەکرا، کە کوڕی خودان و ئەوانیش هەر بە ناوی خوداوە فەرمانڕەواییان کردووە. ئەرستۆ بڕوای وابوو، کە ئەسکەندەری مەکدۆنی لە کاتی پەلاماردانی وڵاتی فارس دیاردەی بەخوداکردنی فەرمانڕەواکانی بینیووەو لەگەڵ گەڕانەوەیدا بیرۆکەکەی گواستۆتەوە بۆ یۆنان، داوایشی لە یۆنانییەکان کردووە لەبەردەمیدا بچەمێنەوە، وەکچۆن لە وڵاتی فارسدا خەڵک لەبەردەمی پاشاکانیاندا دەچەمانەوە. لە چینی کۆنیشدا، کەسی ئیمپراتۆر سیمبولی باڵای وڵات و هاوڵاتیانیش بوو، هەمووان بە کەسایەتی ئەو ئاوێتە دەبوون و یەکبوونی جەوهەری دروست دەبوو[(٢)]
.

لەلای یۆنانییەکان، داستانەکانی ئەلیادە و ئۆدیسەی هۆمیرۆس[(٣)] وەک نموونەیەکی بە پیرۆزکردنی پاڵەوان دەبینرێن. ئەم داستانانە، نە تەنها کاریگەری لەسەر فیکری یۆنانی، بەڵکو کاریگەری بەسەر فیکری مرۆڤایەتی بەگشتی دانا و ئەخیل بوو بەو تاکە مرۆڤە قارەمانەی، کە دەتوانێ سەرکردایەتی جەنگەکان بکات و ڕێڕەوی مێژووش بگۆڕێت، لەوەش زیاتر مێژوو بەجۆرێکی دیکە بنووسێتەوە. دواتریش هەر یەک لە مێژونووسانی یۆنانی هیرۆدۆتس (٤٨٤ - ٤٢٥ پ.ز) و تۆکیدیدس (٤٦٥ - ٤٠١ پ.ز)، کە یەکەمیان جەنگەکانی نێوان گریک و فارس، دووەمیشیان، جەنگی (پلۆپۆنیز)ی[(٤)] کردبووە بابەتی سەرەکی خۆی، بایەخێکی زۆریان بە نوسینەوەی کار و کردەوە مەزنەکان و ڕۆڵی مرۆڤە مەزن و قارەمانەکان لە دروستکردنی ڕووداوی مێژووییدا داوە، تەنانەت توکیدیدس بڕوای وابوو، کە ئەوە کاری پاشاو سەرکردە قارەمانەکان و بوێری و ئازایەتی ئەوانە، کە مێژوو و ڕووداوی مێژوویی

---

(١) www.chihab.net

(٢) بۆ زیاتر بڕوانە: هیجل، محاضرات فی فلسفة التاریخ (العالم الشرقی)، ت: امام عبدالفتاح امام، ج٢، ط٣، دار التنویر للطباعة والنشر، بیروت، ٢٠٠٧، ص٦١ - ٩٧ ؛ ئیمام عەبدول فەتاح ئیمام، ستەمکار (لیکۆڵینەوەیەکی فەلسەفی بۆ چەند وێنەیەك لەستەمکاری سیاسی)، و: هۆشمەن جەلال محەمەد، چ١، چاپخانەی ڕوون، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، سلێمانی، ٢٠١٢، ل٣٠ - ٥٥ .

(٣) هۆمیرۆس : شاعیرێکی داستان نوسی گریکی بووە، بڕوا وایە کە نوسەری داستانە گریکیەکانی ئەلیادە و ئۆدیسەیە. بەشێوەیەکی گشتی گریکە کۆنەکان باوەڕیان وایە کە هۆمیرۆس کەسایەتیەکی مێژوویی بووە، بەڵام توێژەرە نوێیەکان گومان لە ڕاستی ئەم بۆچونە دەکەن. مێژووی ژیانی هۆمیرۆس لە سەردەمی کلاسیکەوە تا ئێستا جێگای گفتوگۆی بەردەوامە. هیرۆدۆت دەڵێت هۆمیرۆس (٤٠٠) ساڵ پێش ئەو ژیاوە، واتە نزیکەی لە ساڵی (٨٥٠ پ.ز)دا ژیاوە. بۆ زیاتر بڕوانە: هۆمیرۆس (www.wikipedia.org).

(٤) جەنگی پلوپۆنیز: مێژوونوسە هاوچەرخەکان بە جەنگی تراژیدیای مێژووی گریکی ناو دەبەن. ئەم جەنگە لە ساڵانی (٤٣١ – ٤٠٤ پ.ز) بەردەوام بووە لە نێوان شاری ئەسینا و هاوپەیمانەکانی لەلایەك ، لەگەڵ ئەسپارتە و هاوپەیمانەکانی لەلایەکی دیکە، ڕووداوەکانی لەلایەن مێژوونوس تۆکیدیدس بەو سیفەتەی یەکێك بووە لە بەشداربووەکانی جەنگەکە بە زیندویی هێڵراوەتەوە. (www.marefa.org).

دروست کردووە [٥].

سۆکرات (٤٧٠ - ٣٩٩ پ.ز)یش وەک بیرمەندێکی گەورەی نێو دونیای فەلسەفە و فیکری سیاسی، سەرسوڕمانی خۆی بە سەرکردەی یۆنانی (برکلیس)[٦] نەشاردۆتەوە، کە هاوسەردەمی ژیانی بووە. سۆکرات بڕوای وایە، کە (برکلیس) لە سەرکردە دەگمەنەکانی نێو مێژووی جیهانە، کە توانیویەتی لە کۆکردنەوەی فیکر و کردار و سەرکردایەتی و تیۆریزەکردندا بە یەکەوە سەرکەوتوو بێت. هەرچی ئەفلاتونە (٤٢٨ - ٣٤٧ پ.ز)، بایەخی بە سیفاتی جەستەیی و بایۆلۆژی سەرکردە نەدەدا، بەڵکو عەقڵ و مەعریفە و توانای زیهنی لە پێشینەی بایەخی کارە فەلسەفی و فیکرییەکانی ئەودا بوون بۆ سەرکردە. ئەفلاتون بڕوای وابوو، ئەو کەسە بۆ حوکمڕانی گونجاوە، کە لە ژێر کاریگەری حوکمی عەقڵدایە، ئەوەیشی لە ژێر کاریگەری سۆزداری تونددایە ئامادەیە بۆ جەنگ[٧].

لەلای یۆنانییەکان، پاڵەوان واتە مرۆڤێکی کامڵ و تەواو، یان سیمبولێک بۆ نموونەیەکی باڵا، دەشێت ئەم نموونە باڵایە سەرکردەیەکی سەربازی بێت، کە کاری پاڵەوانانەی ئەنجامداوە، وەک لای هۆمیرۆس ناسراوە، یان سیمبولێک بێت بۆ هێز و ئازایەتی و سەرکەوتن، هەر وەک چیرۆکی (هیرۆکلیس) بۆمان دەگێڕێتەوە، یان دەگونجێ بە مانای کەسایەتییەکی مەزن، یان پێغەمبەرێکی خاوەن پەیام بێت [٨].

لە جیهانی رۆمانیشدا، شوێن و پێگەی پاڵەوان بە بایەخەوە سەیرکراوەو، پەرستن یان بە پیرۆزکردنیان وەک ئەرکێک بینراوە. کەسایەتییە مێژووییە ئەفسانەییەکان داستانیان بۆ دەنوسرا و دەکران بە دروستکەری پەرجوو (معجزة)، بینینی ئەم کەسایەتیانە بەجۆرێک بوو، کە پاڵەوان و هەڵگری پەیامێکی مەزن و تایبەتن و خودا بۆ رزگارکردنی ئەوان ناردوونی، یان بەهۆی ئەو سیفاتە دەگمەنانەی لە وێنەی ئازایەتی و دانایی و ژیری، کە خودا پێیبەخشیوون لەلایەن خەڵکەوە قبوڵکراون [٩].

لە قۆناغی باڵادەستی مەسیحیەتیشدا، جگە لەوەی شەهیدەکان وێنەی پاڵەوانیان پێدەدرا، کەسە پیرۆزەکانیش (القديسون) هەر لە نێو بازنەی پاڵەواناندا بوون. بەڵام لە قۆناغەکانی دواتردا چەمک و مانای پاڵەوان برایە نێو جوگرافیا و رووبەرێکی فراوانتری لقەکانی مەعریفە و چالاکییەکانی مرۆڤ، بەگوێرەی ئەو لێکدانەوە و تێگەیشتنەی، کە پاڵەوان وێنەیەکی نموونەیی و بەرجەستەکەرەوەی بەها باڵاکانە و هەر کۆمەڵگە و گروپێکی مرۆییش دەشێت پاڵەوانی تایبەت بەخۆیان هەبێت [١٠].

لێرەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە،کە لە جیهانی کۆندا هەمیشە لێکنزیکییەک لە نێوان پاڵەوان و خودا، پاڵەوان و نوێنەری خودادا هەبووە. پاڵەوان یان خۆی خودا بووە، یان نوێنەری خودا. ئەو سیفەتانەی کە لە خودادا هەبوون وەک، سیفەتی کەماڵ، ئەنجامدانی کاری پەرجوو، توانای سەرسوڕهێنەر، پێشبینیکردنی رووداوەکان و ...هتد، هەموو ئەمانە لە کەسایەتی پاڵەوانیشدا هەبوون. لێرەوە دەبینین لە

---

[٥] عمر عثمان العمودی، "٢٦ سبتمبر"، صحيفة اسبوعية، العدد (١١٤٣)، ١٠ تشرين الثانی ٢٠١٣، ص١٨.

[٦] برکليس (٤٩٤ - ٤٢٩پ.ز): سیاسییەکی یۆنانی ئەسینی بوو، سەرپەرشتی شاری ئەسینای کۆنی دەکرد، لە بەناوبانگترین سیاسییەکانی یۆنان بووە. پیاویکی دانا و ژیر بووە، هەوڵیداوە بەپێی توانا خۆی لە جەنگ بە دور بگرێت، هەرچەندە زۆر کات ناچار بووە بچێتە جەنگەوە. پەرستگای (بارسینون)ی بنیاد ناوە، کە بە یەکێك لە گرنگترین کارەکانی دادەنرێت. بۆ زیاتر بڕوانە (www.almrsal.com).

[٧] عمر عثمان العمودي، مصدر سابق،ص ١٨.

[٨] د.عبدالجليل الطاهر، مسيرة المجتمع (بحث في نظرية التقدم الاجتماعي)، المكتبة العصرية للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٦٦، ص ٤٣٧.

[٩] مصدر نفسه، ص٤٣٧.

[١٠] مصدر نفسه، ص٤٣٧.

چاخە کۆنەکاندا کەسی فەرمانڕەوا، پاشا یان ئیمپراتۆر، بریتیبوو لە هەموو شتێک، بەڵام خەڵکە گشتییەکە نوێنەرایەتی هیچ شتێک، تەنانەت خۆیشیان نەدەکرد، بۆیە کار و کردەوەکانی پاشا تەواوی وێنە و دیمەنەکانی مێژووی قۆناغەکەی دادەپۆشی و هەموو جوڵە و چالاکی و ڕووداوێک لە مێژوودا لە ڕێی جوڵە و چالاکی ئەوەوە فۆرمی تایبەت بە خۆی وەردەگرت و مانای پێدەدرا، هەرچی ژیانی گشتی خەڵک بوو بەگشتی تەنها بریتیبوو لە ڕووبەرێکی تەماوی ناڕوون و فەرامۆشکراو و پەراوێزخراو.

کەم نین ژمارەی ئەو مێژوونووس و نوسەرانەی بڕوایان وایە، مێژوو و ڕووداوی مێژوویی، بەرهەمی کاری مرۆڤە مەزنەکانە. ئەم بۆچوونە ئەگەرچی تا ئەندازەیەکی باش، چ بۆ ڕۆژگاری کۆن و چ بۆ سەدەکانی ناوەڕاست و تەنانەت سەدە نوێکانیش، تایبەت لە وڵاتانی نادیموکراسی، بە ئێستایشەوە، راستی زۆری تێدایە، بەڵام هەرگیز دوا راستی و هەڵگری تەواوی راستییەکان نییە .

بەشێکی گرنگ لە لایەنگرانی ئەم لێکدانەوەیە، لە بری بینینی کۆی دیمەنەکە، تەنها توانای بینینی بەشێکیان هەیە. راستە ڕۆڵ و کار و چالاکی پاشا و فەرمانڕەواکان، پیاوانی ئایینی باڵا و سەرکردە سیاسی و سەربازییەکان زیاتر زەق و دیارن و مێژوونووس و نوسەرانیش هەرچی زیاتر ئەمکارانەیان زەقتر کردۆتەوە، تەنانەت زۆرجار کۆی ڕووداوەکان و مێژوویان وەک بەرهەمی کار و جوڵە و چالاکی ئەوان بینیوە [11]. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ، کە گرفتەکە بە تەنها لە خەڵکە گشتییەکەدا نییە، کە پیرۆزی بە کەسایەتییەکی دیاریکراوی نێو مێژوو دەبەخشن، بەڵکو بەشێکی گرنگی گرفتەکە لەو مێژوونووس و نوسەرانەدایە، کە دەبوایە لۆژیک و عەقڵانیەت لە خەڵکێکی سادە و نەخوێندەوار جیاجیان بکاتەوە، کەچی ئەمانەش هاتوون بە هەمان بینین و دیدی خەڵکە گشتییەکە، بازنەیەکی پیرۆزیان بە دەوری ئەوانەدا کێشاوەو هەرچی زیاتر بەرگی پیرۆزیان بە بەردا کردوون.

دەتوانین لە جیهانی کۆن و وڵاتانی نادیموکراسی و ڕۆژهەڵاتی ئێستادا ڕۆڵی سەرکردە بە (سەر)ی مرۆڤ بەراورد بکەین. هێزی بیرکردنەوە و بڕیاردان لە (سەر) دایە، نەک لە لەش، ئەوەی جوڵە بە بەشەکانی دیکەی لەشی مرۆڤ دەکات (سەر)ە. سەرکردە لە بەشێکی گرنگ لە مێژووی کۆنی مرۆڤایەتی و ئێستایش لە ڕۆژهەڵات و هەر ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی نادیموکراسیدا ڕۆڵی (سەر) دەبینێ لە جەستەی مرۆڤدا، لەشیش دەچێتە جێگەی گروپ و پێکهاتە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانی کۆمەڵگە، وەکچۆن (سەر) لە جەستەی مرۆڤدا دەبێتە سەنتەر و کۆنترۆڵی لەشی مرۆڤ دەکات، سەرکردەی کاریزمیش لە ڕۆژهەڵات و وڵاتانی نادیموکراسیدا کۆنترۆڵی کۆمەڵگە دەکات و چۆن بخوازێت جوڵە بە بەشی هەرە گەورەی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانییەوە دەکات.

هەوڵدان بۆ گەڕاندنەوەی ڕووداو و مێژوو بۆ کاری مرۆڤە مەزنەکان بەم مانایەیە، کە ئەوان لە رووی دووربینی و ئاستی دەرککردن بە گرنگی قۆناغەکە و لە مەیدانی کار و چالاکیشدا هێز و بوونێکی جیاوازتر بوون لە بوونی مرۆڤە ئاساییەکانی دیکە، تەنانەت زۆرجار مەزنکردنیان دەبرێتە ئاستی بە پیرۆزکردنیان و جۆرێک لە سیفەتی خوداییان دەدرێتە پاڵ و دەکرێن بە مرۆڤی پیرۆز، یان باوکی ڕۆحی، یان باوکی گەورەی نەتەوەو کۆمەڵگە، یان دەکرێن بە دڵ و ڕۆحی جیهان لە سەردەمەکەیاندا بە مانا هیگڵییەکەی. مرۆڤی مەزن لە دیدی هیگڵ، وەکچۆن لە دیدی شپنگلەریشدا، بەرهەمی دۆخی مادی، کۆمەڵایەتی، یان بایۆلۆژی نییە، بەڵکو بە پلەی یەکەم گوزارشتە لە ڕۆحی ڕۆژگارەکەی، یان

[11] بڕوانە : د. هاشم يحيى الملاح، المفصل فى فلسفة التاريخ، (دراسة تحليلية فى فلسفة التاريخ التأملية و النقدية)، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت، ٢٠٠٧، ص٢٢١ ـ ٢٢٣.

ڕۆحی شارستانیەتەکەی [١٢].

لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا باوەڕ وابوو، کە هێزی ڕێبەریکردنی کۆمەڵگە و بەڕێوەبردنی، لە ئیرادەی خودایی و هێزی کاریزمایی مرۆڤەکانەوە سەرچاوە دەگرێ، واتە کەسی فەرمانڕەوا، سەرکردە، بە ئەندازەیەک بەرگی پیرۆزی بە بەردا دەکرا، کە تەواوی یاسا و ڕێساکانی کۆمەڵگە و ژیان بۆ ئامادەبوونی ئەو و بوون و ئیرادەی ئەو کورت دەکرایەوە، ئەمانە سیفەتی بان مرۆیی و بان سروشتیان پێدەدرا. بۆ نموونە، لە هەندێک شارستانیەتی کۆندا، پاڵەوان وەک باوکی نەتەوە دەبینرا، وەک بینین و ستایشکردنی (ئیبراهیم) وەک باوکی نەتەوە لەلای ئیسرائیلییەکان، گەورە سەیرکردنی (ڕۆمۆلۆس) وەک دامەزرێنەری دەوڵەت لەلای ڕۆمانییەکان [١٣]. ڕۆمۆلۆس ئەو پیاوەی کە ئەگەر بەڕاستی هەبووبێت، هیچ نییە جگە لە جەربەزەیەکی ڕەچەڵەک نادیار، کە دەبێتە مایەی خێر و، خورافەکان دەیکەنە نەوەی پاشاکانی (ئالپ ـ لالونگ) و میراتگری ئەوان [١٤].

مرۆڤەکان وێڕای تواناو لێهاتوویی خۆیان، پلانێکی داڕێژراویش هەیە، هەندێکجار لە ژیان، هەندێکجار دوای مردنیان، هەندێکجاری دیکەیش لە ژیان و مردنیاندا، بۆ هەرچی زیاتر گەورەکردن و تەنانەت بە پیرۆزکردنیشیان. ئەم پلان و هەڵمەتە لە ئێستادا ئاسانتر و کاریگەرتر بەراورد بە رابردوو، بە شێوەیەکی سیستماتیک و پاڵپشت بە هێزێکی میدیایی، سیاسی، کۆمەلایەتی، مێژوویی، ئایینی، دارایی و ئیداری گەورە و بە فۆرمی جیا جیا کاری خۆی لەسەر تەنینەوەی ئاسۆییانەی بیرۆکەی بە پیرۆزکردن و دروستکردنی کاریزما لە نێو کۆمەڵگەدا دەکات. کاریزما بەو مانایەی هونەری رفاندن و دەستبەسەرداگرتنی عەقڵ و هۆشی ئەوانیدیکەیە، وەک دیاردەیەکی سایکۆلۆژیش سەرچاوەی بوونی لەسەر پشتبەستن بە دیاردە سایکۆلۆژییەکانی وەک هەست و ئیدراک دامەزراوە . کاریزما و هێزی کاریزمایی بەردەوام شتێک لە شاراوەیی و ناڕوونی تێدایە، کە بە ئاسانی ناتوانرێت پەی پێببرێت و ببینرێت.

ئەوە کێیە مێژوو دەجوڵێنێ، ڕووداوی مێژوویی دروست دەکات و بەسەر ئاراستە و ڕێڕەوی مێژووەوە کاریگەری دادەنێت، تاکەکان یان کۆمەڵگە، سەرکردەکان یان گەلان، مێژوو بەرهەمی جوڵە و چالاکی کامیانە، کاریزما، یان کۆمەڵگە [١٥]. کاریزما تا چەند کاریگەری بەسەر ڕێڕەو و ئاراستەی ڕووداوەکانی مێژووەوە دادەنێت. ئەمانە ئەم پرسیارانەن، کە بۆتە بابەتی گفتوگۆی توندی نێوان مێژوونووسان و زانایانی سیاسەت و ئەندێشمەندانی بواری زانستە مرۆڤایەتییەکان بەگشتی. مێژوونووسانی سەرەتا مەیلداربوون بەلای ئەوەی کە تەنها لە ڕێی پەردە هەڵماڵین لەسەر ڕووی ڕووداوە مێژووییەکان، وەسفی مێژوو بکەن، لەبەرئەوەی پاشا و سەرۆکەکان نوێنەری گەلەکانیان بوون، چونکە بەلای ئەوانەوە ڕووداوەکان وەک دەرەنجامی هێزی مێژوویی دەگوزەرێ، واتە ئەگەر سەرکردە وەسفکرا بەمجۆرە باسی دەکەن کە لە نێو ڕووداوەکاندا ئامادەبوونی هەبووبێ. ئەوە سەبارەت بە مێژوونووسانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وێڕای جەختکردنەوەی قوڵی ڕۆشنبیریان لەسەر

---

[١٢] بڕوانە : سدني هوك، البطل فى التاريخ، ت: مروان الجابرى، مراجعة: د. أنيس فريحة، المؤسسة الأهلية للطباعة والنشر، بيروت ـ نيويورك، ١٩٥٩، ص ٦٧.

[١٣] مصدر نفسه، ص ١٨.

[١٤] سیگمۆند فرۆید، موسا و یکتاپەرستی، و: هاوژینی مەلا ئەمین، چ١، چاپخانەی تاران، ٢٠١٥، ل٨٠.

[١٥] د. احمد محمود صبحى، فى فلسفة التاريخ، دار النهضة العربية للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٩٤، ص ٦٣ — ٦٤.

ڕۆڵی چارەنووس، ڕاستی زۆری تێدایە[١٦] .
لە باسی دووەمی ئەم توێژینەوەیەدا بە جەختکردنەوە لەسەر چەند بۆچوون و دیدێکی دەروونناسی هەوڵدەدەین بە وەڵامی بەشێک لەم پرسیارانە بگەین.

## باسی دووەم

## کاریزما لە دیدی دەروونناسییەوە

لەم باسەدا هەوڵدەدەین لە دوو تەوەرەدا، لەڕێی بۆچوونی ژمارەیەک زانا و قوتابخانەی جیاوازی دەروونناسییەوە، لێکدانەوە بۆ کەسایەتی کاریزما و ڕۆڵی کاریزما لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بکەین، سەرنجی خۆشمان لەبارەی بۆچوون و لێکدانەوەکان بخەینەڕوو.

**تەوەرەی یەکەم : هنری برگسۆن؛ قارەمان وەک تایپێکی نوێ لە مرۆڤ**

هنری برگسۆن[١٧] لە بەهێزترین لایەنگرانی ڕێبازی ڕۆڵی تاک و قارەمان بوو، نەیارێکی توندی بیرۆکەی بوونی یاسای بابەتی بوو لە کاروانی ژیانی کۆمەڵگەدا. بڕوای وابوو، ئەو هێزەی کۆمەڵگە بەڕێوەدەبات بریتییە لە هەستی ناوەکی، ژیری ( حدس Intuition )[١٨] و غەریزە، نەک عەقڵ [١٩]. لە بڕوای برگسۆندا، هەنگاو بە ئاراستەی بەرەوپێشچوون تەنها ئەوکاتانە ڕوودەدات، کە کۆمەڵگە پێداگربێ لەسەر ئەزموونکردن، واتە کۆمەڵگە ڕێگە بە خۆی بدات بلەرزێت و پشێوی تێبکەوێ، ئەوەیشی بە ئەنجامدانی ئەم لەرزین و ڕاچڵەکینە هەڵدەستێ، دەبێ بەشێک لە تاکەکان، یان نوخبەیەکی کۆمەڵگە بن [٢٠].

تاکەکانی نێو ئەو کۆمەڵگەیانەی، کە دەبنە هۆی پرۆسەی گەشەکردن لە کۆمەڵگەکانیاندا بە تەنها بریتی نین لە کەسانێکی ئاسایی و بەس، بەڵکو ئەوانە توانای ئەنجامدانی کاری لە ڕادەبەدەر مەزن و پەرجووئاسایان هەیە، کە لەسەروو تواناکانی خەڵکی ئاساییەوەن، چونکە ئەوانە ڕۆحێکی تایبەتن و لە سەرووی مرۆڤەکانی دیکەوە وەستاون. ئەمجۆرە لە مرۆڤ بە تەنها لە سنور و چوارچێوەی ئەو گروپانەدا نامێننەوە، کە لەنێویدان، بەڵکو لە وێنەی تایپ و جۆرێکی نوێ و ناوازە لە مرۆڤ دێن و خۆیان دەخەنە خزمەتی مرۆڤایەتییەوە بەگشتی. خەسڵەتی نوێ و جیاکەرەوەی ئەم ڕۆحە زۆر دەگمەن و بان مرۆییانە ئەوەیە، ئەوانە لە توانایاندایە ئەڵقە بۆشەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی سەرەتایی تێکبشکێنن و داهێنان ئەنجام بدەن، کە دەشێت بە شەخسی وەسف بکرێن، یان بناسرێن. ئەم مرۆڤانە بەرگەی ئازاری توند دەگرن تا ئەوانیدی بتوانن بژین [٢١].

بەپێی برگسۆن، ئەوانەی کاری داهێنەرانەو بونیادنەرانە ئەنجام دەدەن بریتین لە مرۆڤە مەزنەکان،

---

[١٦] جیرولد م. بوست، القادة و تابعوهم فی عالم خطیر (سیکولوجیا السلوك السیاسی)، ت: الطیب الحصنی، ط١، جداول للنشر والترجمة و التوزیع، بیروت، ٢٠١٣، ص ٣١.

[١٧] هنری برگسون (١٨٥٩ – ١٩٤١): فەیلەسوفێکی فەرەنسییە، هەلگری خەڵاتی نۆبڵە لە ئەدەب، بەیەکێك لە گرنگترین فەیلەسوفانی سەدەی نوێ دادەنرێت، لەپەنجاکانی سەدەی نوزدەدا جێ پەنجەی بەسەر دونیای فکرەوە داناوە. جەختی لەسەر جیاوازی ژیانی دەرونی لەدیاردە مادییەکان کردۆتەوە. بڕوانە : هنری برجسون (www.wikipedia.org).

[١٨] هەستی ناوەکی، ژیری: لەفەلسەفەدا ئاماژەیە بۆ جۆرێك لە مەعریفە کە پسپۆڕی و لۆژیك بەکارناهێنێت. نوێنەری فۆڕمێکە لە فۆڕمەکانی مەعریفە کە پێویست ناکات لەرێگەی وشەوە ڕاڤە بکرێت. میکانیزمی هەستی ناوەکی لەهۆکار و ئەنجامەوە (cause-effect) دێت. (www.wikipedia.org).

[١٩] د. هشم یحیی الملاح، مصدر سابق، ص٢٣٢.

[٢٠] هنري برجسون، منبعا الاخلاق و الدین، ت: د. سامی الدروبی و د. عبدالله عبدالدائم، الهیئة المصریة للتألیف و النشر، القاهرة، ١٩٧١، ص ٦٠ - ٦١، ٨٢.

[٢١] مصدر نفسه، ص ٨٣ – ٨٤.

پاڵەوانان، پێغەمبەران و ریفۆرمیستان، کە هێزی بەرەوپێشبردنی مرۆڤایەتیان هەیە. ئەوانە لە هەر کات و شوێنێکدا، سیمبولێکی زیندوون بۆ سەرهەڵدانێکی زیندوو، بانگەشەکاری خۆشەویستی و خەڵکویستی و پەیامبەری بەهای رۆحین. تێکڕای ئەم بلیمەتانە راپەڕین و سەرهەڵدانێکی زیندوون، ئامرازی بەدیهێنانی مەبەستێکی نوێن کاتێک بە ئاراستەی پێکهێنانی کۆمەڵە و گروپی مرۆیی کراوە هەنگاودەنێن، یان کاتێک گەرەکیانە ئەخلاقی دینامیکی لەسەرووی ئاستی عەقڵەوە رابگرن [٢٢].

ئەخلاقی مرۆیی لە رێگەی لاساییکردنەوەی مرۆڤ بۆ ئەو نموونە باڵایانەی، کە جێگەی سەرسامیانن و کاریگەری بەسەریانەوە هەیە، بڵاودەبێتەوە، واتە ئەخلاقی مرۆیی لەسەر بنەڕەتی وەڵامدانەوە بە بانگەوازی مرۆڤە مەزن و پاڵەوانەکان دادەمەزرێت. ئەوە پاڵەوانانن چالاکانەو راستەوخۆ کاریگەری دەخەنە سەر کەسایەتی و ئیرادەمان، قارەمان و کاریزماکان قسە لەگەڵ عەقڵی ئەوانیدیدا ناکەن، بەڵکو گوتارەکانیان ئاراستەی هەستەوەرەکان و هەستیاری مرۆڤەکانی دیکە دەکەن، ئەوان لە رێی بەڵگەهێنانەوە کێشمان ناکەن، بەڵکو لە رێی توانایەکی تایبەتەوە بەرەو خۆیان دەمانجوڵێنن و کێشمان دەکەن [٢٣].

برگسۆن پێچەوانەی (دورکهایم)[٢٤] ئەوە رەتدەکاتەوە، کە تاک ملکەچی ویژدانی بەکۆمەڵ (الوجدان الجماعي) بێت، بەڵکو هەستی ناوەکی و غەریزە دەکاتە دوو سەرچاوە بۆ ئەخلاق و ئایین، هەروەها هەموو رواڵەتەکانی ویژدانی بە کۆمەڵ بە دیاردەی رووکەش دەبینێ[٢٥] . بەگوێرەی برگسۆن، هەموو کەسێک ئەو هەستە ناوەکییە قوڵەی نییە تا بتوانێت لە دیوی ناوەوەی شتە دیارەکان قوڵ بێتەوە، تەنها بلیمەتەکان خاوەنی هەستی ناوەکی لەمجۆرەن، چونکە ئەوان لە توانایاندا هەیە من (Ego) لە قوڵایی خۆیاندا خامۆش بکەن. لە نێوان (من)ی رووکەش و (من)ی قوڵدا، رێگە لەبەردەم پێغەمبەر و کەسە پیرۆز و ریفۆرمیست وبلیمەتەکاندا کراوەو والایە. (من)ی قوڵ کۆڵەگەی ئەخلاق وئایینە. هاوشانی (من)ی قوڵ، برگسۆن قسە لە (ئێمە)ی قوڵیش دەکات (واتە کۆی مرۆڤایەتی)، بەمەش کۆمەڵگە لە رەوتی رۆحی داهێنەرانە نزیک دەبێتەوە [٢٦].

قارەمان وکەسانی داهێنەر نەک تەنها ناچارن، کە لە ئەوانیدی باڵاتر بن وئەوانیدی تێپەڕێنن، بەڵکو دەبێ لە هەوڵی گۆڕینی ئەوانیدیکەیشدا بن بۆ کەسی داهێنەر، ئەمەش بەسەرلەنوێ دروستکردنەوەیان دەبێت لەسەر هەمان ئەو وێنە ونموونەیەی کە لە عەقڵ و هۆشی ئەو داهێنەرانەدا ئامادەیی هەیە. ئەو گۆڕانکاریانەی لە ویژدانی کەسی بلیمەتدا روودەدەن پێویستی گۆڕانکاری دیکە لە کۆمەڵگەدا بە دوای خۆیدا دەهێنێت. ئەگەر کەسی بلیمەتی داهێنەر لە هێنانەدی وبەرجەستەکردنی ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە نێو چوارچێوەی سایکۆلۆژیایدا روودەدەن شکستی خوارد لەوەی بیکاتە میکانیزمێک بۆ گۆڕانکاری لە ناوەندی کۆمەڵایەتی، ئەو کاتە هێز و وزەی داهێنەرانەی کەسی بلیمەتی داهێنەر دەگۆڕێت بۆ لێدانێکی کاریگەر و کوشندە و بەر خودی خۆی دەکەوێت، لەبەرئەوەی خۆی دەخاتە دۆخێکەوە کەس ئیرەیی پێنابات [٢٧]. ئەو مرۆڤانەی بلیمەتی راستەقینەن دڵی خۆیان بۆ پرشنگە باڵا یەزدانییەکان دەکەنەوە، ئەو

---

[٢٢] مصدر نفسه، ص ٥٧ ، ٧٥ — ٧٦.

[٢٣] د. عبدالجليل الطاهر، مصدر سابق، ص ٤٥١ — ٤٥٢.

[٢٤] ئەمیل دۆرکهایم (١٨٥٨ — ١٩١٧): فەیلەسوف و سۆسیۆلۆژستێکی فەرەنسییە، بەدامەزرێنەری زانستی سۆسیۆلۆژیای نوێ دادەنرێت. جیرولد م.بوست، مصدر سابق، ص ٣١.

[٢٥] د. عبدالجليل الطاهر، مصدر سابق، ص ٤٢٢ — ٤٢٣، ٤٣٢.

[٢٦] د. هاشم يحيى الملاح، مصدر سابق، ص ٢٣٢.

[٢٧] د. عبدالجليل الطاهر، مصدر سابق، ص ٤٥٢ - ٤٥٣.

قارەمان و ڕێبەر و بلیمەت و کەسە پیرۆزانە لە دۆخی وەستان وخامۆشبوونی کۆمەڵگەدا دەردەکەون، ئیرادەی قارەمان تێکەڵ بە ئیرادەی یەزدان دەبێت، کاتێک ئەم ئیرادەیە لە کەسایەتی قارەماندا بەرجەستە دەبێت ئیتر دەبێتە هێزێکی لە بن نەهاتوو، کە دەتوانێ شاخ بلەرزێنێ. بە بڕوای برگسۆن، کەسایەتی عیسای مەسیح گەورەترین کەسایەتی سۆفیگەرە، کە مێژوو ناسیبێتی . هەرچەندە برگسۆن ددان بەوەدا دەنێت، کە ئەزموونی سۆفیگەرانە، ئەزموونێکی خودییە و ناگاتە ئاستی بەڵگەنامەی بابەتیانە، چونکە لەسەر بنەڕەتی هەستی ناوەکی سۆفیانە دامەزراوە [٢٨].

بانگەوازی قارەمان لە پێناوی کرانەوەو بوژانەوەی ئەخلاقی کراوەدا، بنەما کۆمەڵایەتییە دۆگما و وەستاوەکان تێکدەشکێنێ، چونکە ئەو قارەمانانە کەسایەتیان لە ڕەوتی دوور و درێژی مێژوودا دوای پەیوەندی کاریگەر و ڕاستەوخۆیان بە کۆششی خودا، کە لە پشتی کۆی ڕەوتی ژیانەوە وەستاوە، دروست بووە، ئەمەش کۆششێکە لە بوونی باڵاوە سەرچاوە دەگرێت، ئەگەر ئەمە خودی خودا خۆی نەبێت [٢٩].

بڕێکی زۆر لەو بۆچوونانەی، کە قارەمان تا ئاستی بە پیرۆزکردن و پەرستن دەبەن، گوێڕایەڵی و ملکەچی بۆ قارەمان وەک گوێڕایەڵی و ملکەچی بۆ فەرمانی خودایی دەبینن، ئەمەش هەمان ئەو بۆچوونەیە کە لایەنگرانی لێکدانەوەی ئایینی نەریتی بڕوایان پێیەتی. لایەنگرانی کۆمەڵگەی ئایینی بڕوایان وایە، کۆمەڵگەی ڕۆحی لە بنەڕەتدا تاکە کۆمەڵگەی حەقیقییەو لە دەرەوەی ئەودا هیچ کۆمەڵگەیەک نە توانای دروست بوون، نە توانای بەردەوامی و مانەوەی دەبێت. فیلیسیتە دولامونیە (١٧٨٢ ـ ١٨٥٤) بە ڕوونی داکۆکی لەم بۆچوونە دەکات کاتێک بڕوای وایە، کە ئەنجامی نەبوونی پاپا و کەنیسە بە مانای نەبوونی کۆمەڵگە دێت، واتە بەبێ پاپا، کەنیسە بوونی نییە، بەبێ کەنیسەش، نە مەسیحیەت و نە ئایین و نە کۆمەڵگە بوونیان نابێ [٣٠]. لایەنگرانی کاریزما بە هەمان میتۆدی دولامونیە، زۆرجار گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی، کە مێژوو لە دەرەوەی هێز و وزەی کاریزماکاندا بریتییە لە مێژوویەکی بێ جوڵە و وەستاو، مێژوویەک توانای تێپەڕاندنی دۆخە وەستاو و قەیراناویەکانی کۆمەڵگەی نییە. ئەمەش بەم مانایەیە، کە کۆمەڵگە لە دەرەوەی هێز و توانای کاریزمادا، بەپێی بنەڕەتی لێکدانەوەی پاڵەوانانە بۆ مێژوو، لە قۆناغی خامۆشی و چەقبەستووییدا دەمێنێتەوەو دەبێتە کۆمەڵگەیەک توانای گۆڕان و ژیان و مانەوە تێیدا دەچێتە دۆخی پرسیار و گومانی قوڵەوە.

**تەوەرەی دووەم: ڕاڤەی دەروونناسیانە بۆ کاریزما**

لە بەشێکی گرنگ لە ڕاڤەی دەروونناسیدا، کاریزما پەیوەندییەکی توندی بە غەریزەی مێگەلەوە هەیە، غەریزەیەک وا لە مرۆڤ یان ئاژەڵ دەکات لە چوارچێوەی کۆمەڵێک هاوشێوەی خۆیدا ڕەفتار بکات. هەستی کۆمەڵایەتیبوون لە غەریزەی مێگەلبوونەوە سەرچاوەی گرتووە، کە بنەماکەی بریتییە لە ترس لە تەنهایی و دابڕان لە ئەوانیدی. فرۆید بڕوای وایە، کە بنەمای هەستی کۆمەڵایەتیبوون و غەریزەی مێگەل بۆ پەیوەندی منداڵ بە دایک و باوکەوە دەگەڕێتەوە. لە دیدی فرۆیددا، بە تەنها بوونی تاک لە نێو کۆمەڵدا بەس نییە بۆ دروست بوونی هەستی کۆمەڵایەتی، بەڵکو لەوە گرنگتر، بوونی سەرکردەو

---

[٢٨] مصدر نفسه، ص ٤٢٨، ٤٥٣ — ٤٥٤؛ د. هاشم يحيى الملاح، مصدر سابق، ص ٢٣٣. سوفی لەدیدی برگسۆندا، کەسێکە خۆشەویستی تەواوی بوونی ئەوی داگیرکردووە، ئەمەش بریتییە لە خۆشەویستی یەزدان بۆ هەمووان.

[٢٩] د. عبدالجليل الطاهر، مصدر سابق، ص ٤٣٢. لەبارەی بۆچونی برگسۆن سەبارەت بەکۆمەڵگەی کراوە و کۆمەڵگەی داخراو، ئەخلاقی کراوە و ئەخلاقی داخراو، بڕوانە: برجسون مصدر سابق، ص ٣٢ — ٥٠، ٢٨٧ — ٢٩٣.

[٣٠] جان جاك شوفالييه، تاريخ الفكر السياسى من الدولة القومية الى الدولة الأممية، ت: محمد عرب صاصيلا، ط٣، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع، بيروت، ٢٠٠٢، ص ١٥٤.

ڕێبەرێکیشە بۆ ئەم کۆمەڵە. بەپێی ئەم بۆچوونە، ئەوانیدی (کۆمەڵ) چەند پێویستن بۆ دروست بوونی هەستی کۆمەڵایەتی، سەرکردەو ڕێبەریش بۆ ئەم کۆمەڵە هێندە پێویست و گرنگن [٣١]. بەپێی ئەم تیۆرە، ئامادەباشی بۆ جڵەوکردن و کۆنترۆڵکردنی ئەوانیدی لەلایەن ڕێبەرەوە، شتێکە لە سروشتی مرۆڤ خۆیدایەو لێی جیا نابێتەوە.

گۆستاف لۆبۆن بڕوای وایە، کە سەرکردە یان ڕێبەر، خەوێنەری جەماوەرە، هیچ جەماوەرێک بەبێ سەرکردەو ڕێبەر بوونی نییە، پەیوەندی نێوان جەماوەر و ڕێبەریش بە سروشتی ئایینییەوە گرێدراوە. بەبۆچوونی لۆبۆن، سۆزی جەماوەر بۆ خودایەکی نەبینراو، پاڵەوانێکی بە پیرۆزکراو، یان بیرۆکەیەکی سیاسی، هەمیشە جەوهەرێکی ئایینی هەیە، چونکە ڕێبەر لای جەماوەر، وەک پێغەمبەر وایە، تواناکانی لە ڕادەبەدەر و لە سەرووی مرۆڤەکانی دیکەوەیە، وای لە جەماوەر کردووە، لە هێز و توانای بترسن، کوێرانە ملکەچی فەرمانەکانی بن، گفتوگۆی هیچ باوەڕێکی نەکەن، هەر کەسێکیش باوەڕ و بۆچوونەکانی ڕەتبکاتەوە، وەک دوژمن سەیری دەکرێت [٣٢].

فرۆید لە ڕەخنەکردنی ئەم بۆچوونانەی گۆستاف لۆبۆندا، دەڵێت: ئەگەر جەماوەر پێویستیشی بە ڕێبەر هەبێت، ئەوا دەبێ ئەم ڕێبەرە خاوەنی توانا و لێهاتوویی بێت. دەبێ بڕوایەکی قوڵی بە بیرۆکەیەک هەبێت تا بتوانێ باوەڕێک بۆ جەماوەر دروست بکات، دەبێ بەهێز بێ، سەرنج ڕاکێش بێ، توانای جوڵەپێکردنی جەماوەری داماڵراو لە ئیرادەی هەبێت [٣٣]. بە بڕوای فرۆید مرۆڤە مەزنەکان لەڕێی مەزنی کارەکانیان و زۆری ڕادەی کاریگەریان بەسەر ئەوانیدی دەرەوەی خۆیان و ڕۆژگارەکەیان، دەناسرێنەوە. ئەوانە بەپێی فرۆید، دەتوانن بە دوو شێوە کاریگەری بەسەر سەردەمەکەیانەوە دابنێن، یەکیان، بەهۆی کەسایەتی خۆیان، دووەمیان، بەهۆی ئەو بیرۆکەیەی بەرگری لێدەکەن، تەنانەت هەندێکجار و لە بارودۆخە سەرەتاییەکاندا تەنها کەسایەتییەکە کاریگەری دەبێت و بیرۆکەکە تەنها ڕۆڵێکی لاوەکی دەبینێت. سەرەنجام فرۆید دەگاتە ئەو باوەڕەی، کە هەموو ئەو تایبەتمەندیانەی بە مرۆڤی مەزنی دەبەخشین، بریتین لە سیما و خەسڵەتە تایبەتەکانی کەسێتی باوک، هەر ئەم لێکچوونەشە کە ئەم مرۆڤە مەزنە دەخوڵقێنێت [٣٤].

بەپێی تیۆری پیاوی مەزن، کەسی کاریزما و ڕێبەر خاوەنی جۆرێک لە تایبەتمەندی و توانا و بەهرەی نائاساییە، توانا و هێزی ئەمانە لەلای کەسانی ئاساییدا نابینرێ، هەر ئەم سیفەتانەشە لە کەسانی دیکەی ئاسایی جیادەکاتەوەو هێزی بوون بە پاڵەوان و ڕێبەری پێدەبەخشێت [٣٥]. بەگوێرەی تیۆری کارلێک و تەواوکاریش (التفاعل والتكامل)، هەریەک لە ڕێبەر و شوێنکەوتە یەکدی تەواو دەکەن. کاریزما وەک دەرەنجامی کارلێکی سیفەتەکانی ڕێبەر لەلایەک، پێویستی و گرفتەکانی شوێنکەوتە، لەلایەکی دی، دروست دەبێت [٣٦].

زانای دەروونناسی کۆمەڵایەتی ئەمریکی ستانلی میلگرام (١٩٣٣ - ١٩٨٤)، بە پشتبەستن بە تیۆری ملکەچکردن، بڕوای وایە هەندێکجار بوونی مرۆڤەکان لە پاڵ یەکدا بەسە بۆ ئەوەی کار لە ڕەفتار

---

[٣١] ابراهيم فضل الله، علم النفس الأدبي، ط١، دار الفارابي، بلا، ٢٠١١، ص ٨٢.

[٣٢] سيغموند فرويد، علم النفس الجماهير، ت: جورج گرابيشي، گ١، دار الگليعه للگباعه والنشر،بيروت، ٢٠٠٦، ص ١٤.

[٣٣] مصدر نفسه، ص ٣٨.

[٣٤] سیگموند فرۆید، موسا و یەکتاپەرستی، ل ٢٥١ – ٢٥٢.

[٣٥] محمد حامد عبدالسلام زهران، علم النفس الاجتماعي، ط٥، عالم الكتب للطباعة والنشر، القاهرة، ١٩٨٤، ص ٣٠١.

[٣٦] شفيق رضوان، علم النفس الاجتماعي، ط٣، بيروت، ٢٠٠٨، ص ٢٢١.

وهەڵسوکەوت وحوکم وبڕیاری یەکدی بکەن، تەنانەت هەندێکجار ئەم حوکم وبڕیارانە ڕەنگە تەواو پێچەوانەی حوکم وبڕیاری خۆیشیان بێت، تەنانەت لەوانەیە مرۆڤەکان پێچەوانەی ئەوەش بوەستنەوە کە بە چاوی خۆیان دەیبینن. بنەمای ئەم تیۆرەیە کاریگەری وکارتێکردنی مرۆڤەکانە لەسەر یەکدی (التأثير والتأثر) لەو کات وباروودۆخ وهەڵوێستانەدا، کە کەسەکان لە بەرامبەر سەرکردە وخاوەن بریارێکدان ڕێژەی ئەم ملکەچیەی کەسەکان بۆ حوکمەکانی یەکدی زیاتر دەبێت. وەک میلگرام دەڵێت: بوونی دەسەڵاتی هیرارکی، وەک خێزان، قوتابخانە، حکومەت و...هتد، ئەم ملکەچییە چەندجار زیاتر دەکات. لێرەوە دەشێت (ئێمە) بەبێ ئەوەی مەبەستمان بێت لە ژێر کاریگەری (ئەویدیدا) چەپڵە بۆ سەرکردەکان لێبدەین وسیفەتی وەک ئازایەتی وفریادڕەسیان بدەینە پاڵ، واتە لای میلگرام، دوو فاکتەر لە پشتی دروستکردنی پاڵەوانەوە وەستاون، یەکیان، کاریگەریمانە بە ئەوانیدی، دووەمیش، بوونی بارودۆخێکە، کە هیرارکیەت تێیدا زاڵە[٣٧].

بە بۆچوونی میلگرام، ئێمە هەمیشە لە سەرەتای ژیانماندا پرۆسەی ڕێگەی پابەندبوون بە ڕێنماییەکانی ئەو کەسانەی لە دەسەڵاتدان دەگرینەبەر. ئەم کەسانەی دەسەڵات، بۆ نموونە (باوک، باپیرانمان، مامۆستاکانمان و...هتد) لە ئێمە زیاتر دەزانن، بەهۆی ئاستی فراوانی زانینیشیان، گوێگرتن لە ئامۆژگاریەکانیان تا ڕادەیەک دەشێ سوودمان پێببەخشێت، چونکە ئەمانە بەپێی پرینسیپی پاداشت و سزا دەسەڵاتیان بەکاردەهێنن. کاتێک پێدەگەین، لەبەر هەمان هۆکار هەمان ئەم سوودانە دەمێنن، بەڵام ئەمجارەیان کەسانی دەسەڵاتدار لە وێنەی فەرمانبەر، دادوەر، سەرکردەکان، دەردەکەون. پۆستەکان دەرفەتی فراوانتری گەیشتن بە زانیاری و سەرچاوەکانی هێزیان بۆ دەرەخسێنێ، بەگوێرەی میلگرام، کارێکی لۆژیکییە ملکەچی ئارەزووەکانی ئەمجۆرە لە دەسەڵاتە بین، کە بە شێوەیەکی دروست پێکهاتووە. لە واقیعدا ئەم کارە تەواو لۆژیکییە تا ئەو ڕادەیەی کە ئێمە بە کارێکی وا هەڵدەستین تەنانەت ئەگەر هیچ لۆژیکێکیشی تێدا نەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا ملکەچی کوێرانە لە یەککاتدا هەم خێر و هەم بەڵایە. پێویستیمان بە بیرکردنەوە نییە، بۆیە بیرناکەینەوە[٣٨].

فرۆید بڕوای وایە، کە هەندێکجار گروپێکی مرۆیی بۆ جیاکردنەوەی خۆیان لە گروپ و کۆمەڵەکانی دی پێویستیان بە کەسایەتی و ڕووداوی ئەفسانەیی دەبێت. بەپێی فرۆید، جولەکە ئەو کەسە ئەفسانەییەی لەو کەسایەتیەدا بەرجەستەکردووە، کە ناویان ناوە، موسا. موسایان کردۆتە پاڵەوانی نەتەوەیی تا لەوێوە شوناسی خۆیانی وەک پێکهاتەیەکی نەتەوەیی پێ بەهێز بکەن[٣٩].

هارۆڵد لاسویل، کە بە باوکی سایکۆلۆژیای سیاسی دادەنرێ، جەخت لەسەر سێنتراڵبوونی کەسێتی سەرکردە دەکات لە دیاریکردن و هەڵبژاردنی کاری سیاسیدا. بەپێی لاسویل، مرۆڤی سیاسی بە دوای دەسەڵاتدا دەگەڕێ، ئەوانەش کە بە دوای دەسەڵاتدا وێڵن، گەرەکیانە لە نێو کایەی سیاسیدا قەرەبووی هەستی خۆ بە کەمزانی و متمانە بەخۆنەبوون و بێزران و بایەخ پێنەدانیان لەلایەن ئەوانیدیکەوەو

---

[٣٧] بۆ زیاتر بڕوانە: دايڤد باتريك هوتون، علم النفس السياسي، ت: ياسمين حداد، مراجعة: سامى الخصاونة، المركز العربى للابحاث ودراسة السياسات، ط١، بيروت، ٢٠١٥، ص ٨١ — ٩٧؛ د. روبرت ب. سيالديني، التأثير (علم النفس الاقناع)، ت: د. سامر الايوبي، ط١، العبيكان — الكلمة للنشر، السعودية — الامارات العربية المتحدة، ٢٠١٠، ص ٢٣٧ — ٢٤٤.

[٣٨] بۆ زیاتر بڕوانە: د. روبرت ب. سيالديني، مصدر نفسه، ص ٢٤٦ — ٢٤٨.

[٣٩] بۆ زیاتر بڕوانە: سیگموند فرۆید، موسا و یەکتاپەرستی، ل ٧١ — ١٦٢، ٢٤٨ - ٢٥٥. فرۆید وەك خۆی دەڵێت: بۆچوون و لێکدانەوەکەی سەبارەت بە موسا گومانئامێزە و پشتی بە دۆکیومێنتی دڵنیاکەر نەبەستوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەڵگەی زمانەوانی و سەرهەڵگرتن و یەکتاپەرستی و خەتەنەکردن و ... هتد بۆ سەلماندنی (میسری بوونی) موسا دەخاتەڕوو. بڕوانە فرۆید، هەمان سەرچاوە، ل ١١٣، ١٢٧.

نزمی رادەی هۆشیاریان بکەنەوە [٤٠]. هەرچی م.بروستەر سمیسە (١٩١٩ ـ ٢٠١٢)[٤١] سەبارەت بە پەیوەندی دوو لایەنەی نێوان کاریزما و سیاقی سیاسی بەڵگەی سوودبەخشی خستۆتە روو، سیاقی سیاسی ئەم سیاقەیە، کە کاریگەری بەسەر هەڵوێستەکانی کاریزما و سەرکردەوە دادەنێ، ئەوکاتەی وەک رێبەرێک ئامادەی دەکات، هەمانکات کاریگەریشی بەسەرەوە دادەنێ. بە لای بروستەرەوە دۆخی (ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، مێژوویی)، سیاقی کۆمەڵگەیی (واتە ژینگەی کۆمەڵایەتی) پێکدەهێنن، کە مرۆڤەکان بە کاریزماشەوە لە رووی کۆمەڵایەتییەوە لە نێویدا لە پەیوەندیدان. ژینگەی کۆمەڵایەتی، خێزان، چینە کۆمەڵایەتییەکان، هاورێ و برادەر، مامۆستا، رۆڵێکی چارەنووسساز لە پێکهێنانی هەڵوێستەکانی رێبەرانی سیاسی و شوێنکەوتووانیاندا دەبینن [٤٢].

واتە دەتوانین بڵێین، کە سیاقی مێژوویی، رۆشنبیری، سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری، کە کاریزما لە نێویدا دەژی و کاردەکات، کاریگەری سێنترالی بەسەر دروستکردنی کەسایەتی و جۆری بڕیار و هەڵوێستەکانییەوە دەبێت. کارتێکردنەکە دوو لایەنەیە، لەلایەکەوە کاریزما بەپێی توانا و هێزی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و رۆشنبیری خۆی دەتوانێ کاریگەری بەسەر جەماوەر و شوێنکەوتووانیدا دابنێ، بێگومان تا هێزی کاریزمابوونی بەهێزتر بێ، هێزی دانانی کاریگەریشی بەسەر جەماوەرەوە بەهێزتر دەبێ، لەلایەکی دیکەوە، دۆخە گشتییەکە وەکچۆن بەسەر رادەی بەهێزی کەسێتی کاریزماییەوە کاریگەرە، بە هەمانشێوە بەسەر دروستکردنی خودی کەسی کاریزمی و بریار و هەڵوێستەکانیشیەوە کاریگەری دەبێ.

وێرای هەموو ئەوانەی ئاماژەمان پێکردن، گرنگە لە کۆتاییدا ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە مەرج نییە کاریزما هەمیشە رۆڵی پۆزەتیڤ ببینێت، بەڵکو زۆرجار رۆڵی کاریزما، رۆڵێکی تەواو نێگەتیڤ و وێرانکەرە. واتە وەکچۆن دەشێت، کاریزما بونیادنەر و دروستکەر بێت لە وێنەی گاندی و ماندێلا و مارتن لۆسەر کینگ و... هتد، بە هەمانشێوە دەشێت وێرانکەر و تێکدەریش بێت لە وێنەی هیتلەر و ئوسامە بن لادن و سەدام حوسەین و زۆری دیکەیش [٤٣].

---

[٤٠] جیرولد م.بوست، مصدر سابق، ص ٣٩.

[٤١] بروستەر سمیس، پرۆفیسۆری سایکۆلۆژیا بووە لە زانکۆی سانتاکرۆز، سەرۆکی کۆمەڵەی سایکۆلۆژیای ئەمەریکی بووە لە ساڵی ١٩٧٨ دا. جیرولد م.بوست، مصدر سابق، ص ٣٤.

[٤٢] جیرولد م.بوست، مصدر نفسه، ص ٣٤.

[٤٣] . بۆ زیاتر بڕوانە : جیرولد م.بوست، مصدر نفسه، ص ٢٩٢ و دواتر.

## لیستی سەرچاوەکان

**یەکەم: بە زمانی کوردی**

١. ئیمام عەبدول فەتاح ئیمام، ستەمکار (لێکۆڵینەوەیەکی فەلسەفی بۆ چەند وێنەیەک لە ستەمکاری سیاسی)، و: هۆشمەن جەلال محەمەد، چ١، چاپخانەی روون، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، سلێمانی، ٢٠١٢.

٢. سیگمۆند فرۆید، موسا و یەکتاپەرستی، و: هاوژینی مەلا ئەمین، چ١، جاپخانەی تاران،٢٠١٥.

**دووەم: بە زمانی عەرەبی**

٣. ابراهيم فض الله، علم النفس الادبي مع نصوص تطبيقية، ط١، دار الفارابي، بيروت، ٢٠١١.

٤. د.احمد محمود صبحي، في فلسفة التاريخ، دار النهضة العربية للطباعة والنشر،بيروت، ١٩٩٤.

٥. جان جاك شوفالييه، تاريخ الفكر السياسي من الدولة القومية الى الدولة الاممية، ت: محمد عرب صاصيلا،ط٣، مؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، ٢٠٠٢.

٦. جيرولد م.بوست، القادة وتابعوهم بي عالم خطير (سيكولوجيا السلوك السياسي)، ت: الطيب الحصني، ط١، جداول للنشر والترجمة والتوزيع، بيروت، ٢٠١٣.

٧. دايڤد باتريك هوتون، علم النفس السياسي، ت: ياسمين حداد، مراجعة: سامي الخصاونة، المركز العربي للأبحاث و دراسة السياسات، ط١، بيروت، ٢٠١٥.

٨. د.روبرت ب. سيالديني، التأثير (علم النفس الاقناع)، ت: د.سامر الايوبي، ط١، العبيكان ـ الكلمة للنشر، السعودية ـ الامارات العربية المتحدة،٢٠١٠.

٩. سدني هوك، البطل في التاريخ، ت: مروان الجابري، مراجعة: د.أنيس فريحة، المؤسسة الأهلية للطباعة والنشر، بيروت ـ نيويورك، ١٩٥٩.

١٠.سيغموند فرويد، علم النفس الجماهير، ت: جورج طرابيشي، ط١، دار الطليعة للطباعة والنشر، بيروت، ٢٠٠٦.

١١. شفيق رضوان، علم النفس الاجتماعي، ط٣، بيروت، ٢٠٠٨.

١٢.د.عبدالجليل الطاهر، مسيرة المجتمع (بحث في نظرية التقدم الاجتماعي)، المكتبة العصرية للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٦٦.

١٣. عمر عثمان العمودي، " ٢٦ سبتمبر"، صحيفة أسبوعية، العدد (١١٤٣)، ١٠ تشرين الثاني ٢٠١٣.

١٤. محمد حامد عبدالسلام زهران، علم النفس الاجتماعي، ط٥، عالم الكتب للطباعة والنشر، القاهرة، ١٩٨٤.

١٥. د.هاشم يحيى الملاح، المفصل في فلسفة التاريخ (دراسة تحليلية في فلسفة التاريخ التأملية والنقدية)، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت، ٢٠٠٧. ١٦

١٦. هيجل، محاضرات في فلسفة التاريخ (العالم الشرقي)، ت: امام عبدالفتاح امام، ج٢، ط٣، دار التنوير للطباعة والنشر، بيروت، ٢٠٠٧.

١٧. هنري برجسون، منبعا الأخلاق والدين، ت: د.سامي الدروبي و د.عبدالله عبدالدائم، الهيئة المصرية للتأليف والنشر، القاهرة، ١٩٧١.

**سێیەم: ئینتەرنێت**

١٨. www.wikipedia.org

١٩. www.marefa.org

٢٠. www.almersal.com

٢١. www.chihab.net

## کورتەی توێژینەوە

کاریزما وەک هەر کەسێکی دیکە مرۆڤە، وەکچۆن کاریگەری بەسەر ئەوانیدیکەوە دادەنێت، ئەوانیدیش بەسەر ئەوەوە کاریگەر دەبن، واتە بوونی کاریزما لە دۆخی پۆزەتیڤبوونی،نەک نێگەتیڤبوونیدا، بوونێکە لەگەڵ ئەوانیدیکەدا، بوونێکە لە نێو جەماوەر، لە نێو سیاقێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگی دیاریکراودا، کە کۆی سیاق و دۆخە گشتییەکە بەسەر دروستبوونی، هێز و توانای، جوڵەو رەفتار و بڕیارو دەسەڵات و هەڵوێستەکانییەوە کاریگەری دادەنێت و هەمان کات دەچێتە ژێر کاریگەری توانا و بڕیارەکانیشیەوە.

کاریزما وەکچۆن دەشێ بونیادنەر بێ، بە هەمانشێوە دەشێ وێرانکەریش بێ، تەنانەت دەگونجێ لە یەککاتدا هەم مرۆڤێکی قارەمان، هەم مرۆڤێکی نەرگسی نەخۆش بێت و لەرێی خوێن و شمشێرەوە بگاتە دەسەڵات و هەر لەم رێگەیەشەوە درێژەی پێبدات.

ئامانج لەم توێژینەوەیە، ئەوەیە وێرای خستنەڕووی بابەتێکی تیۆری و فیکری و مێژوویی لە بابەتی کاریزما و کاریگەری بەسەر جوڵەی مێژوو، کە رەنگە تا ئێستا کەمترین توێژینەوەی زانستی بە زمانی کوردی و تەنانەت زمانە رۆژهەڵاتیەکانیش لەبارەوە ئەنجام درابێ، لێکدانەوەی بابەتەکەیش لە دیدی دەروونناسی و بە جەختکردنەوە لەسەر دیدگا و بۆچوون و راڤەی بەشێک لە قوتابخانە و زاناکانی بواری سایکۆلۆژیای سیاسی و کۆمەڵایەتی، کە دەتوانین بڵێین خوێندنەوەی رووداوەکانی مێژوو لەمڕووەوە ئەگەر تەواو لە نێو ئێمەی کورددا فەرامۆش نەکرابێ، ئەوا تا رادەیەکی زۆر پشتگوێ خراوە، بۆیە ئامانجی سەرەکی لە هەڵبژاردنی ئەم بابەتە، هەوڵدانە بۆ خوێندنەوەی مێژوو و رووداوی مێژوویی بە کەرەستەی دەرەوەی مێژوو، بە روانین و بینینی زانستی دی، کە زانستی دەروونناسییە.

ئەم توێژینەوەیە دەچێتە نێو بازنەی توێژینەوەی تیۆری لەبارەی فەلسەفەی مێژوو، بۆیە هەوڵمانداوە بەپێی ناوەرۆکی بابەتەکە، پشت بە میتۆد و پلانی مێژوویی و راڤەکاری فیکری و فەلسەفی ببەستین. وێرای خستنەڕوو و راڤە و لێکدانەوەی تیۆری و مێژوویی و فیکری و فەلسەفی بۆ بابەتەکە، بۆچوونە جیاوازەکانیش لەمبارەیەوە بخرێنە روو، تا لەم رێگەیەوە هەرچی زیاتر لە ئامانجی توێژینەوەکە نزیکتر ببینەوە.

## ملخص البحث

الكاريزما انسان أيضا كالآخرين، مثلما يؤثر على الناس، الناس أيضا يؤثرون عليه، بمعني أن الكاريزما في حالته الايجابية وليس السلبية، كأي فرد من أفراد المجتمع ضمن السياق السياسي والاجتماعي والاقتصادي والثقافي، وأن مجمل هذا السياق والظروف العامة يؤثر في تكوينه وتكوين قدراته المختلفة، سلوكه، قراراته ومواقفه، وفي نفس الوقت الكاريزما أيضا يؤثر على هذا السياقات والظروف العامة.

مع أن الكاريزما يكون ترميميا في بعض الحالات، يمكن أن يكون تدميريا أيضا، ويمكن أن يكون بطلا أو انسانا نرجسيا مريضا يحاول الوصول الى السلطة عن طريق السيف والدم.

الهدف من هذا البحث، عرض موضوع نظري وفكري وتاريخي حول الكاريزما وتأثيراته على حركة التاريخ. في نظري الدراسات والبحوث العلمية في هذا المجال نادرة جدا، خاصة باللغة الكوردية، وتفسير الموضوع من خلال النظريات والمدارس السيكولوجية السياسية والاجتماعية، نستطيع أن نقول اننا أهملنا قراءة أو دراسة الاحداث التاريخية لهذا المجال في الوسط الاكاديمي الى حد كبير. لذلك أخترنا هذا

الموضوع للدراسة كمحاولة لقراءة التاريخ والأحداث التاريخية بأدوات علمية أخرى خارج نطاق علم التاريخ، وأكدنا على منظور المدارس والأراء العلمية لعلماء السيكولوجيا.

هذا البحث تدخل ضمن اطار البحوث النظرية في مجال فلسفة التاريخ، لذلك حاولنا بقدر مضمونه أن نعتمد على المنهج التاريخي والتفسير النظري والتاريخي والفكري والفلسفي للموضوع، وعرض الأراء المختلفة في هذا المجال لكي نتمكن من الوصول الى الهدف المنشود.


Abstract

Charisma is a human being as well as others. It has effects on the other people as others have as well. In the sense of existing charisma in the positive side rather than a negative side. By means of standing and interacting with the public through a political view, civil rights, economy and a certain culture. Accordingly, all these aspects including its formation, strengths, movement, behavior, decree, authority and attitudes affect on charisma and simultaneously it is affected by decisions and power.

Charisma, as it tends to be creativeness, on the other word, it may have a pessimistic side. Even it may make a peaceful and democratic hero or a dictator who gains power violently.

The purpose of this research is to present a theoretical and historical view on the charisma subject and its affections on history. Many academic types of research have been conducted on this subject, but a few of them are done in Kurdish language and even in eastern languages. Furthermore, it analyses the subject in terms of psychology and focuses on attitudes, opinions, analyses of a part of psychological schools, political psychology and sociology. It can be concerned that dealing with the historical events in this field is neglected apparently. Therefore, the major aim of this research is an attempt to uncover the history and historical events through external tools and scientific look which is the science of psychology.

Typically, the research is based on qualitative date collection method about the philosophy of history. hence, we have tried to discuss the subject in the field of philosophy on the basis of methods, historical plans, thought experiments and philosophy. In addition, the research light upon the different views, opinions and attitudes about charisma so that the result get closer to the research purpose.